# سەید محەمەد جەباری تۆمارێکی نیشتمانی و مێژوویەکی پڕشنگدار

پشتیوان ئەکبەر حەفتاچەشمەیی
(کەرکوک)

## سەرەتا

لە مێژە ئارەزووی ئەوەم هەبووە وتارێک ئامادە بکەم بۆ بلاوکردنەوەی لە گۆڤاری (ڕامان)، گۆڤاری ڕامان بە (گینس)ی ئەدەبی کوردی ناوەزەند دەکەم، چونکە ئەم گۆڤارە لەم کاتەدا بووەتە مینبەری بەیەک گەیشتنی ئەدیبان و نووسەرانی کورد، بۆیە منیش پێم خۆش بوو پشکێکم لەم گۆڤارە ڕەنگینە هەبێت.

ئەم وتارەمان لەسەر (سەید محەمەد جەباری) ئامادەکردووە، کە یەکێکە لە گرنگترین کەسایەتییەکانی هۆزی جەباری، کە ڕۆڵی بەرچاوی لە شۆڕشەکانی شێخ مەحموودی حەفید و خەباتی گەلی کورد لە پێناو بەدیهێنانی مافی ڕەوای خۆی لە ئازادی و سەربەستی بینیوە، سەرەتای وتارەکە باسێکی گشتییە دەربارەی هۆز و ناوچەی جەباری، پاشان باس لە ژیاننامە و ڕۆڵ و گرنگترین وێستگەکانی ژیانی سەید محەمەد جەباری دەکەین.

## هۆزی جەباری

هۆزی جەباری یەکێکە لەو هۆزە گەورە و ناودارانەی کوردستان و ئێراق، شوێنی نیشتەجێبوونی ئەم ناوچەی (جەباری)یە دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی شاری کەرکوک، بە شێوەیەکی سەرەکی ئەم ناوچەیە دەکەوێتە نێوان چەمچەماڵ لە باکوورەوە، ناوچەی لەیلان لە ڕۆژئاواوە، لە ڕۆژهەڵاتەوە چیای سەڵباتوو و ناوچەی سەنگاوە، لە باشوورەوە ڕووباری ڕۆخانە لەگەڵ هۆزەکانی زەنگەنە و شێخان و تاڵەبان جیای دەکاتەوە. ناحیەی جەباری لە ڕووی ئیدارییەوە سەر بە قەزای (چەمچەماڵ)ە، ناوچەکە بریتییە لە هەرد و شاخ و زورگ، ڕووبەرەکەشی



**سەید محەمەد جەباری**

بەپێی سەرژمێری ساڵی ١٩٥٧ز دەگاتە (١٦٤٩٠٠) دۆنم.

گوندەکانی هۆزی جەباری بریتین لە(٣٥)گوند، ئەمەش ناوەکانیانە: (حەمک، پویزڵ، نەورۆز، تاویربەرز، زەردە، عەلی مستەفا، ئالیاوە، کوڵەبان، شێردەرە، بانگۆل، سۆران، شێخ محەمەدی خواروو، گۆلەمە، شێخ محەمەدی سەروو، مەحموود پەریزاد، قۆچەلی، زەوج، تەکیە، جانی، زنەخۆر، مۆردانە، حەفتاچەشمە، هەنارەی محەمەد شەریف، هەنارەی محەمەد ئەمین، هەنارەی محەمەد سەعید، تەپەکوڕە، تەیمەزاوا، چیمەن، گۆران، کانی باییز، سەوسکە، جافان، داووڵ، پاریاوڵە، قەڵاویز).

گوندی تەکیە ئێستا بووەتە سەنتەری ناحیەی تەکیەی جەباری، زۆربەی دانیشتوانی هۆزی جەباری لە پارێزگاکانی کەرکوک، سلێمانی، هەولێر نیشتەجێن، جگە لەم سێ پارێزگایە هۆزی جەباری لە ناوچەکانی تری ئێراق و کوردستان و دەرەوەی وڵات بڵاوبوونەتەوە، بەڵام قورسایی ئەم هۆزە لەم سێ پارێزگایەیە کە پێشووتر باسمان کرد.

سەید عەبدولجەبار کوڕی جبریل باپیرە گەورەی جەبارییەکان بە بنەچە بۆ ئیمام حەمزە کوڕی ئیمام مووسای کازم دەگەڕێتەوە، لێرەدا ڕاستییەک جێگیردەکەین ئەویش ئەوەیە کە هەموو دانیشتوانی گوندەکانی جەباری بە ڕەچەڵەک ناگەڕێنەوە سەر سەید عەبدولجەبار و بەشێکیان دەگەڕێنەوە سەر هۆزەکانی: شێخان، زەنگەنە، سیامەنسوور، ساداتی پیرخدری، هۆزی تر.

سەید عەبدولجەبار لە ساڵی (١٤٧٠)ی زایینی لە ناوچەی تەکیەی قەرەداغەوە لەگەڵ کوڕە گەورەکەی کە ناوی شەرەفەددینە، ڕووی کردووەتە سنووری کەرکووک و لە گوندی (سەڵباتوو) نیشتەجێ بووە و تەکیەیەکی لەو گوندە بەناوی تەکیەی سەید عەبدولجەبار دامەزراندووە، بە دامەزراندنی ئەو تەکیەیەش ناوی گوندەکە بۆ تەکیەی جەباری گۆڕاوە، دوای چەند ساڵێک سەید عەبدولجەبار ناوچەکەی جێ هێشتووە و بە مەبەستی ئیرشادی ئایینی ڕووی کردووەتە وڵاتی شام و شەرەفەددینی کوڕی لە ناوچەکە ماوەتەوە و لە جیاتی باوکی ئەرکی سەرپەرشتیکردنی تەکیەکە و ئامۆژگاریکردنی خەڵکی گرتووەتە ئەستۆ بۆ پەیڕەوکردنی ئایینی پیرۆزی ئیسلام.

ئەو کەسانەی دوای سەید عەبدولجەبار ئەرکی سەرپەرشتیکردنی کاروباری تەکیە و هۆزی جەبارییان لە ئەستۆ گرتووە ئەم کەسایەتییانە بوون:

سەید شەرەفەددین کوڕی سەید عەبدولجەبار.

سەید حوسێن کوڕی سەید شەرەفەددین.

سەید عەبدولکەریم کوڕی سەید حوسێن.

سەید عەلی کوڕی سەید عەبدولکەریم.

سەید جان کوڕی سەید عەلی.

سەید ئیسماعیلی گەورە.

سەید مستەفا کوڕی سەید ئیسماعیلی گەورە.

سەید عەبدولقادر کوڕی سەید مستەفا.

سەید عەبدولسەمەد کوڕی سەید عەبدولقادر.

سەید محەمەد کوڕی سەید عەبدولسەمەد (سەید محەمەد جەباری).

ئەم کەسایەتییانەی بنەماڵەکە کە باس کران بە درێژایی مێژووی کەرکووک و کوردستان ڕۆڵی بەرچاویان لە خزمەت گەیاندن بە دۆزی گەلی کورد گێڕاوە و بەشێکی زۆری ئەو کەسایەتییانە لە بزووتنەوە و جموجووڵە چەکدارییەکانی سەردەمە جیاوازەکانی مێژووی کوردستان بەشدارییان کردووە، بێجگە لەوەش هەریەکە لەو کەسایەتییانە لە ڕووی ئایینیشەوە خزمەتێکی بەرچاویان

هەبووە.

دواتریش گوندی تەکیە لە ساڵی ١٩١٩ کرا بە ناحییە و سەنتەری ناوچەکە، هەروەها تەکیەی جەباری لە کەرکووک بەوە دادەنرێت کە مێژووەکەی بۆ(٣٥٠)ساڵ لەمەوبەر دەگەڕێتەوە، لە ناو قەڵای کەرکووک دروست کراوە و بە تەکیەی (سەید محەمەد نەجیب) جەباری ناسراوە، کاتی خۆی (سەید ڕەوشەتی) دروستی کردووە، بەڵام سەرپەرشتی تەکیەکە لە لایەن (سەید هاوین)ـەوە کراوە تا ئێستاش بەشوێنێکی پیرۆز سەیر دەکرێت و تایبەتمەندی خۆی هەیە.

هۆزی جەباری لە هۆزە بەناوبانگەکانی باشووری کوردستان دادەنرێت و پێوەندی زۆر بەهێزیان لەگەڵ عەشیرەتەکانی (هەمەوەند و زەنگەنە و قەرەداخ و تاڵەبانی و داوودە و شوان و شێخ بزێنی و ڕەبات و شێخان و سەنگاو و قەرەحەسەن) هەبووە، هاوکات لەگەڵ سەرجەم هۆزەکانی تری کوردستان، پێوەندی دۆستایەتی و کۆمەڵایەتییان هەبووە.

هۆزی جەباری لە بواری سیاسیدا جێگای تایبەتی خۆیان هەبووە، کە بەدرێژایی مێژوو حوکمی چەندان داگیرکەر و دەسەڵاتی جیاجیا کە هەردەم دژی کورد بوون، هەڵوێستی کوردانەی خۆیان هەر لە کۆنەوە لە بەرانبەر دوژمنانیدا نیشان داوە، کە مێژوو شایەتی ئەم سەروەرییەیە.

لەسەردەمی بابانییەکانیشدا دۆستایەتییان لەگەڵ میرانی باباندا هەبووە، لە شۆڕشی ئەیلولیشدا هەر لە یەکەم ڕۆژەکانی شۆڕشەوە بنکەی (پیرەمەئموون) لە ناوچەی جەباری دامەزراوە کە پێشمەرگەکانی هێزی کەرکووک و بەتالیۆنی (٥)ی ئەم هێزە و لقی(١)ی سەڵباتووی قارەمان بوو بە قەڵای قایم بۆ سەدان کوڕی ئازا و دلێری ئەم هۆزە، هەروەها لەگەڵ هەڵگیرسانی شۆڕشی گوڵاندا تێکۆشەرانی هۆزی جەباری ڕۆڵی بەرچاویان تێدا بینی، لە شۆڕشی نوێی گەلی کوردستاندا کەرتی چواری جەباری یەکێک لە کەرتە هەرە چالاکەکانی شۆڕشگێڕانی کورد بوو کە سەدان پێشمەرگەی قارەمان و شەهیدی بەخشییە ڕێی خەباتی گەلی کوردستان بۆ ئازادی و سەربەخۆیی.

هۆزی جەباریش وەک هۆزێکی دیاری کوردستان چەندان تێکۆشەر و پێشمەرگە و شاعیر و نووسەر و زانا و ڕۆشنبیر و کەسایەتیی ناسراوی تێدا هەڵکەوتووە، یەکێک لەو کەسایەتییانە سەید محەمەد جەبارییە.

## سەید محەمەد جەباری

کەسایەتی سیاسیی ناودار و نیشتمانپەروەر (سەید محەمەد جەباری) ناوی تەواوی سەید محەمەدی کوڕی سەید عەبدولسەمەد کوڕی سەید عەبدولقادر کوڕی سەید مستەفا کوڕی سەید ئیسماعیل کوڕی سەید جانی کوڕی سەید عەلی کە بە (عەلی قۆچ یەکەم) ناسراوە، کوڕی سەید عەبدولکەریم کوڕی سەید حوسێن کوڕی شەرەفەددین کوڕی سەید عەبدولجەبارە، لە ساڵی (١٨٧٨)ز لە گوندی (مەحموود پەریزاد) لەدایک بووە.

هەرچەندە وەک پێویست لەسەر سەید محەمەد نەنووسراوە کە یەکێکە لە ناودارەکانی شاری کەرکووک و گەرمیان، پلەکانی خوێندنی بە سەرکەوتوویی تەواو کردووە و هەر سێ زمانی (فارسی و عەرەبی و تورکی) زانیوە، لە پاش تەواوکردنی خوێندن باوکی جڵەوی هەموو کاروباری هۆزەکەی داوەتە دەست، سەید محەمەد لە ناو هۆزی جەباریدا مایەی ڕێز و خۆشەویستی بووە و لە ناو خزم و کەس و کارەکانیدا جێگای دیار بووە، ناوبراو جگە لە عەشیرەتی جەباری خۆشەویستی عەشیرەتەکانی (بەرزنجە و شوان و هەمەوەند و شێخان و گل و زەنگەنە و داوودە) بووە، ڕێز و حورمەتی تایبەتی لایان هەبووە، هەر لەبەر ئازایەتی و زیرەکی باوکی هێشتا لە ژیاندا بووە سەرپەرشتی هۆزی جەباری کردووە. ڕۆڵی لە چارەسەرکردنی کێشە و گیروگرفتە کۆمەڵایەتییەکاندا بینیوە، زۆربەی هۆزەکانی تر بەڕاوێژی ئەم کەسایەتییە چارەسەریان بۆ کێشەکانیان دۆزیوەتەوە، لەبەر ئەوەی کەسایەتییەکی بە هەڵوێست و میهرەبان بووە، سەرەڕای نەرمونیانی و میهرەبانییەکەی کەسایەتییەکی دیموکراتخواز بووە، زۆر بە نەرمی لەگەڵ خەڵکیدا جووڵاوەتەوە و کێشەکانی چارەسەر کردوون، کە ئەوکات زیاتر کێشەی زەویوزار و باج و ئاو و باخ بووە.

ناوبراو یەکێک بووە لە دامەزرێنەرانی (ڕێکخراوی ئازادی کوردستان)، دواتر بووە بە (پارتی ئازادی کوردستان)، هەر لە سەرەتای شۆڕشی یەکەمی (شێخ مەحموودی حەفید)ـەوە بەخۆی و بنەماڵەکەی و هۆزەکەیەوە بەشداری کردووە، بەچەشنی فەرماندەیەکی

بەتوانست و دڵسۆز و بەئەمەک دەوری پڕ شکۆی بینیوە.

سەید محەمەد خزمی شێخ مەحموود و سەرکردەی بەشێک لە سوپاکەی بووە، بەشداری زۆربەی شەڕەکانی شێخ مەحموودی کردووە و پشتگیری تەواوی بووە و دژی دوژمنانی کورد، بەسەرکردایەتی خۆی و چەکدارانی هۆزی جەباری، ئینگلیزەکان هەموو کات حسابی تایبەتییان بۆ کردووە، چونکە هەمیشە دەوری لە شۆڕشەکاندا هەبووە، سەید محەمەد لە ساڵی (١٩٣٦)ز لە گوندی (جانی) کۆچی دوایی کردووە.

## گرنگترین وێستگەکانی ژیانی سەید محەمەد جەباری

وەک لە سەرەتاوە باسمان کرد سەید محەمەدی جەباری یەکێک بووە لەو کەسایەتییانەی کە لە شێخ مەحموودی حەفید زۆر نزیک بووە، شێخ متمانەی تەواوی پێ هەبووە، بە حوکمی ئەوەی کە خزمایەتی لە نێوانیاندا هەبووە وەک سەرۆک هۆزی جەباری ڕۆڵی هەبووە و لە هەموو بوارەکاندا هاوکاری تەواوی شێخ بووە، هەر لە ماوەی یەکەمی حوکمڕانی شێخ کراوە بە (بەڕێوەبەری ناحیە)ی جەباری، کە لە کتێبی ئەدمۆندس (کورد، تورک، عەرب) ئاماژەی پێ کراوە.

لە سەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتی ئێراقیدا ماوەیەک لەبەر هەڵوێستی نیشتمانپەروەری لابراوە و (یوونس) ناوێک خراوەتە شوێنی، بەڵام سەید محەمەدی جەباری بەمە ڕازی نەبووە، بەخۆی و سوارەکانی هێرشیان کردووەتە سەر ناحیەکە و سووتانیان و بەڕێوەبەری ناحیەکەشیان کوشت، لەگەڵ بوونی شێخ مەحموود بەحوکمڕانی کوردستان لە ساڵی ١٩١٨ز زۆر لە گەورەپیاوانی هۆزەکانی کەرکووک پێوەندییان پێوەکرد، وەک (سەید محەمەدی جەباری، کەریم بەگی فەتاح بەگ، ئیبراهیم خانی دەلۆ... تاد)، ئەوانە بۆ پشتگیری کردنی شێخ مەحموود لە باشترین سوارچاکەکانی ناوچەکە بوون.

## شەڕی شوعەیبەی ساڵی ١٩١٥

شوعەیبە ناوچەیەکە دەکەوێتە باشووری خۆرئاوای شاری بەسرە لە باشووری ئێراق کە تێیدا یەکەمین بەرەنگاربوونەوەی شێخ مەحموود دژی ئینگلیزەکان لە ساڵی ١٩١٥ بوو کە ئەوکات دەوڵەتی عوسمانی لەبەر بێ هێزی خۆی داوای یارمەتی لە سەرۆک عەشیرەتەکانی کورد کرد کە یارمەتی بدەن، دوای ئەوەی نەیتوانی ڕووبەڕوویان ببێتەوە، هۆزی جەباریش لەم شەڕەدا شان بە شانی سەرۆک هۆزەکان لەگەڵ شێخدا بەشدارییان کرد.

لەم شەڕەدا سەید محەمەدی جەباری بەخۆی و سەدان سوارەوە پشتیوانی لە مەلیک مەحموود کردووە، سەید محەمەد بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئینگلیزەکان سەرکردایەتی ئەو هێزەی هۆزی جەباری کردووە کە (١٨٠) کەس بوون، بەناوبانگترین سوارەکانی بریتی بوون لە (سەید حەسەن، سەید حەمید، ئەمین بەگ سیامەنسووری، عەلی سۆفی قادر مەولان، مەلا مەحموودی تەکیەی جەباری، عەزیز یاد ئەحمەد، ساڵح سەعید عەبدوڵلا... تاد). لە ڕۆژی ١٩١٥/٤/١٢ لە شەڕی شوعەیبە بەشدار بوون، سەید ئەحمەدی خانەقا و سەید محەمەدی جەباری لە سایەی ئەماندا سەرۆک هۆزەکانی تریش هەزار سواریان پێکەوە ناوە و ڕوویان کردە بیابانی شوعەیبەی لای بەسرە، هۆزی جەباری هەردەم لە ئامادەباشیدا بوون و لە زۆربەی شەڕ و ڕووبەڕووبونەوەکاندا هەر لە شەڕی شوعەیبەوە تا دوای دروستبوونی دەوڵەتی ئێراقیش هۆزی جەباری و سەرۆکەکەیان (سەید محەمەد) بەردەوام پشتگیر و هاوکاری شێخ مەحموود بوون.

## ڕۆڵی سەید محەمەد لە داستانی قەرەهەنجیر

کاتێ ئینگلیزەکان بۆ ڕزگارکردنی (کابتن بۆند) لە دیلی کە پاش ئازادکردنی چەمچەماڵ لەلایەن (کەریم بەگی فەتاح بەگی هەمەوند)ەوە گیرابوو، ئینگلیزەکان سوپایان ڕێکخست بۆ هێرش کردنە سەر ناوچەکانی چەمچەماڵ و دەوروبەری شاری سلێمانی، بۆ ئەم هێرشە لە کەرکووکەوە هاتن، لە (١٨ی مایسی ١٩١٩) ز کە لە ڕم وەشێنانی بەتالیۆنی (٣٣)ی ئینگلیز و (پێنج) کۆمەڵ لە بەتالیۆنی تەنگانەی - تورانی-خۆرهەڵات پێکهاتبوون کە ١٦ میل لە نزیک (قەرەهەنجیر) چەند سەنگەرێکیان داگیر کرد و خۆیان تێدا حەشار دا، هۆزەکانی کەرکوکیش بەشدارییان کرد، ئەوانەی لەم ڕووبەڕووبونەوەیەدا ڕۆڵیان هەبوو، لەوانە: (سەید محەمەدی جەباری) بە فەرماندەیی (٢٠٠) جەنگاوەری خێڵەکی بەمەبەستی پشتگیری لە شێخ مەحموود

بەشدارییان کردووە.

شۆڕشگێڕان بە (٥٠٠) چەکدارەوە هێرشیان کردە سەر ئینگلیزەکان، لە نزیک قەرەهەنجیر، توانییان هێزی بەریتانی تێکبشکێنن، بەڵام ڕۆژی دوایی ئینگلیز سوپایەکی تریان بۆ ناوچەکە هێنا و بە فڕۆکە ناوچەکەیان بۆمبابااران کرد، گوندەکانی جەباری بەڕادەیەکی زۆر زەرەمەند بوون و زیانێکی گەورەیان لێکەوت، برازایەکی سەید محەمەدیش لەم شەڕەدا شەهید بوو، دیسانەوە ئەمەیش وای کرد ئینگلیزەکان حسابی تایبەتی بۆ ئەم هۆزە بکەن، بەتایبەتی تریش لە ناوچەکەدا حساب بۆ (سەید محەمەدی جەباری) بکەن.

## ڕۆڵی سەید محەمەدی جەباری لە شەڕی بان مەقان

لە درێژەی بەرەوپێش هاتنی هێزەکانی ئینگلیز بەرەو چەمچەماڵ و ناوچەکانی تر سەید محەمەد بە فەرماندەیی هێزێک لە (بان مەقان) ڕووبەڕووی هێزەکانی ئینگلیز بووەوە، لە ئەنجامدا شەڕێکی گەورە و بەهێز لە نێوانیاندا ڕووی دا، کە بووە هۆی شەهیدبوونی پێنج لە چەکدارەکانی سەید محەمەدی جەباری، ئەوانیش (سەید ئەمین - عەلی سۆفی قادر مەولان - سەید وەلی بوون کە بە «وەلەک شتە») ناسرابوو، محێدین ئەمین دۆغزی و حەمە بچکۆلەش بریندار بوون، بۆ تۆڵەسەندنەوە لە سەید محەمەد ئینگلیزەکان بە فڕۆکە هێرشیان کردە سەر گوندی (پاریاوڵە) لە ئەنجامدا (٩) هاوولاتی تریش لە ناوچەکە بریندار بوون، شەڕی بان مەقان یەکێک بووە لەو شەڕانەی کە زۆر مەردانە هۆزی جەباری و هۆزەکانی تری کەرکووک و دەوروبەری توانیویانە ڕۆڵی تێدا ببینن، لەم شەڕەدا هەریەک لە (سەید محەمەدی جەباری) و (بابە عەلی مۆردانە) بریندار بوون.

سەید محەمەدی جەباری وەک هەمیشە و لە زۆربەی شەڕ و شۆڕش و ڕاپەڕینەکاندا بەردەوام ڕۆڵی گەورەی هەبووە، لە شەڕی (دەربەندی بازیان)یش ڕۆڵی قارەمانیەتی خۆی دەرخستووە، ئەم شەڕە لە ساڵی (١٩١٩)ز لە نێوان شۆڕشگێڕانی کورد و سوپای ئینگلیزدا ڕووی داوە، هۆزەکانی کەرکووک لەم شەڕەدا لە ڕیزی پێشەوەی شۆڕشگێڕاندا بوون و جەنگاون و قوربانییان داوە، ئەو سوپایەی شێخ مەحموودی حەفید بۆ ڕووبەڕووبونەوەی دوژمن بەرەو تاسڵوجە و دەربەندی بازیان لە ڕێگای کەرکووک کشا، بریتی بوو لەو تیرە و هۆزانەی بەڕاستی دۆستی شێخ بوون، دەستەیەک لە گەورە پیاوانی کوردپەروەر بوون کە سەنگەری نەتەوایەتییان چۆڵ نەکرد، وەک: (کەریم بەگی فەتاح بەگ و سەید محەمەدی جەباری و شێخ عەلی قەڵبەزە و شێخ عەبدولقادری گڵەزەردە) بەشدار بوون، هەر سەبارەت بە شەڕی دەربەندی بازیان فوئاد حەمە خورشید دەڵێت (هۆزی جەباری بەسەرکردایەتی سەید محەمەد ڕۆڵی گرنگ و بەرچاویان لەم شەڕەدا هەبووە و لە ڕیزی پێشەوە بوون). ئەنجام ئەم شەڕە بووە هۆی شکانی شۆڕشگێڕان و شەهید و برینداربوونی ژمارەیەک و بەدیل گرتنی(شێخ مەحموودی حەفید) و دواتریش دوورخستنەوەی بۆ هیندستان.

## ڕۆڵی هۆزی جەباری لە پاش دوورخستنەوەی شێخ مەحموود

ئینگلیزەکان بۆ کەمکردنەوەی گیانی شۆڕشگێڕی لە کەرکووک و گەرمیان و ناوچەکانی تری کوردستان، چەندان کەسیان لە سەرۆک هۆز و کەسایەتییە ناودارەکان دامەزراند، بۆ ئەم مەبەستە (سەیدمحەمەد)یان کرد بە قائیمقامی (قەزای گل)، بەڵام سەید محەمەد نەک هەر ئەو کارەی قبووڵ نەکرد، بەڵکو قایمقامێتییەکەی سووتاند و (قایمقام)ەکەشی کوشت کە ناوی (عەلی ئەفەندی سەقەڵی) بوو و هیچ کاتێک لەگەڵ ڕژێمی بەغدا، بگرە ئینگلیزەکانیش ڕێک نەکەوت و سازشی نەکرد، هەرچەندە بۆ وازهێنانی لە کاری شۆڕشگێڕی چەندان ئیمتیازیان پێ داوە، بەڵام ئەو لەسەر هەوڵەکانی و هەڵوێستی خۆی بەردەوام بووە و درێژەی بە کاری شۆڕشگێڕی و کارکردن بۆ ئازادکردن و گەڕانەوەی شێخ مەحموود داوە کە تێیدا لە هەوڵەکانی بۆ گەڕانەوەی شێخ مەحموود سەرکەوتوو بووە، تا دواساتەکانی تەمەنیشی هەر لەسەر هەڵوێست و دڵسۆزی خۆی بۆ کورد و شۆڕشەکەی شێخ مابوو، دوای بەدیل گرتنی شێخیش (سەید محەمەدی جەباری) و سەرۆک هۆزەکانی تر لە دژایەتی کردن و ڕاپەڕین دژی ئینگلیز لەگەڵ (مەحموود خدری هەمەوەند) هەر بەردەوام بوون، ئینگلیزیان ناچار کرد کە سوپا کۆبکاتەوەو هێرش بکاتە سەریان،

مێجەرسۆن وەک لاساییکردنەوەی تورکەکان، دوای ئەو شۆڕش و ڕاپەڕینانەی لە ناوچەکانی چەمچەماڵ و بازیان سەریان هەڵدا، هێزی ئێستر سوارەی لەناو کورددا دامەزراند و ناردنی بۆ شەڕ دژی مەحموود خدری و سەید محەمەدی جەباری، فەرمانی دا بە دیلیان بگرن، دواتریش هێزی هەردوولا لە دەربەندی بازیان یەکیان گرت، لەو شەڕەدا شۆڕشگێڕان توانییان زەرەر و زیانێکی زۆر لە ئینگلیزەکان بدەن.

لە ساڵی (١٩٢٠)ز کۆبوونەوەیەک لە (ژاڵە)ی ڕەبات لە ناوچەی سەنگاو کراوە کە سەید محەمەدی جەباری سەرپەرشتی کۆبوونەوەکەی کردووە و زۆربەی عەشیرەتەکانی بەشدارییان تێیدا کردووە، بۆ پلاندانان بۆ ئەوەی ڕووبەڕووی ئینگلیز ببنەوە تا شێخ مەحموود بۆ کوردستان دەگەڕێتەوە، یەکەم کەس کە ئەم بڕیارەی جێبەجێ کرد سەید محەمەدی جەباری بوو، هێرشی کردە سەر ناحیەی جەباری و بەڕێوەبەری ناحیەکەشی کوشت. سەید محەمەدی جەباری بە هاوڕێتی کەریم بەگی فەتاح بەگ چوون بۆ ڕواندز بۆ لای (ئۆزدەمیر) کە دژی ئینگلیزەکان بوو، هەرچەندە دەیانزانی کە تورکەکان توانایی گەڕاندنەوەی شێخیان نییە، بەڵام دەیانویست لەم ڕێگەیەوە گوشار بخەنە سەر ئینگلیز، تا بتوانن شێخ لە دیلی ڕزگار بکرێ، لەم کاتەدا سەرۆک عەشیرەتەکانی کەرکووک، بەتایبەت سەید محەمەد و کەریم بەگ بە خۆیان و دووسەد سوارەوە لە ڕێگای دەشتی (هەریر)ەوە هاتنە ڕواندز، لەم ماوەدا هێرشی دوو قۆڵی بۆ سەر دەربەندی بازیان و ڕانیە دەستی پێ کرد، کە شۆڕشگێڕان لەبەری شاورو و ئۆزدەمیر لە قۆڵی ناودەشتەوە، بە ئاسانی توانییان بگەنە شاورو، بەڵام ئۆزدەمیر تووشی شکست بوو و شۆڕشگێڕان توانییان دەربەندی ڕانیەش بگرن.

پاش دوورخستنەوەی شێخ مەحموود، (مەلیک فەیسەڵی یەکەم) کۆمەڵێک لە سەرۆک عەشیرەتەکانی کوردی بۆ (بەغدا) بانگهێشت کرد، سەید محەمەدیش یەکێک بووە لەو سەرۆک هۆزانە، کاتی دانیشتن سکرتێرەکەی مەلیک فەیسەڵ (عەبایەکی عەرەبی) دەخاتە سەرشانی هەر سەرۆک هۆزێک وەک دیاری مەلیک، بەڵام سەید محەمەد قبووڵی ناکات و وەری ناگرێت، (مەلیک فەیسەڵ) لێی دەپرسێت بۆ وەریناگریت، ئەویش لە وەڵامدا دەڵێت (شێختان نەفی کردووە، دەتانەوێت بە فەروەی خوری بمانخەڵەتێنن ؟!).

## هۆزی جەباری لە ڕاپەڕینی دووەمی شێخ مەحموود (١٩٢٢)ز

ڕاپەڕینی دووەمی شێخ مەحموود لە (١٩٢٢)ز دەستی پێ کرد، لە بەهاری ئەو ساڵەدا لەناو هۆزەکانی دەوروبەری کەرکووک سەید محەمەد و هۆزی جەباری جاریکی تر بزووتنەوەیەکیان لە دژی ئینگلیز هەڵگیرساند، ئەمیش ئەوە دەردەخات کە هۆزی جەباری لە بەشداریکردنی لە ڕاپەڕین و شەڕەکانی شێخ بەردەوام بووە، لە ڕاپەڕینی دووەمی شێخدا هەردەم هاوکاری بوون و هیچ کات دەستبەرداری کوردایەتی نەبوون.

کاتێک شێخ مەحموود کشایەوە بۆ هەورامان، سەید محەمەدی جەباری لە ناوچەی خۆی مایەوە، پاشان سەید محەمەد و جەنگاوەرەکانی توانییان لە گوندی(قوشەلان) زەبرێکی گەورە بگەیەننە بریتانییەکان و هێرش ببەنە سەر ناحیەی (قەرەچێوار) و بیسووتێنن، دوای ئەم شەڕە بریتانییەکان لە شەوی ٣/٢ی مارتی ١٩٢٣ز، سلێمانییان بە چڕی بۆردومان کرد، ئەمەیش شێخ مەحموودی ناچار کرد کە شاری سلێمانی بەجێ بهێڵێت، لەو کاتەدا لەسەر داوای ڕاوێژکارانی شێخ مەحموود بڕیار درا سوپایەک دروست بکرێت بەرەو کەرکووک بڕوات، لەم کاتەدا سوپای عەشایری جەباری و هەمەوەند بەشداربوون، سوپای جەباری بەسەرکردایەتی سەید محەمەدی جەباری لەم قارەمانێتییە بەشداربوون، لە ئەنجامی ئەم شەڕەدا هێزەکانی ئینگلیز شکان و شۆڕشگێڕان سەرکەوتنیان بەدەست هێنا ، فەرماندەی هێزی دوژمن لەم شەڕەدا دەکوژرێت، ڕۆژانی دواتر ئینگلیزەکان بەتوندی گوندەکانی جەبارییان بۆردومان کرد، لە ئەنجامدا سەید محەمەد ناچار بوو بچێتە هەورامانی ئەودیو بۆ لای شێخ مەحموود و هەشت مانگ لەوێ بمێنێەوە، شەڕی قوشەلان هەروەک شەڕەکانی تری ناوچەکە شەڕێکی گرنگ بووە و هۆزی جەباریش ڕۆڵی بەرچاویان تێدا بینیوە.

دوا شەڕیش کە سەید محەمەد جەباری تێیدا بەشداری کرد، شەڕی ئاوباریک بوو، کە لە ١٩٣١/٤/٥ز لە گوندی ئاوباریک، کە دەکەوێتە بناری گل لە باشووری

خۆرهەڵاتی شاری کەرکووک، بەرانبەر سوپای ئینگلیز رووی دا - شۆڕشگێڕانی کورد توانییان ڕۆڵی قارەمانێتی خۆیان نیشان بدەن، لە شوباتی ١٩٣١ز. شێخ مەحموود بەرەو کەرکووک کەوتە ڕێ، هەرکە گەیشتووەتە ئاوباریک لە لایەن فەوجێک سەربازی ئێراقی و ژمارەیەکی زۆر پۆلیس و دەرەبەگ و خۆفرۆشانەوە دەوریان دەگیرێت.

سوپای دوژمن چەکی قورس و جۆراوجۆریان بەکارهێنا، لەشکری شێخ مەحموود و شۆڕشگێڕانی کورد توانییان قارەمانانە ڕووبەڕوویان ببنەوە و لەم شەڕەدا ژمارەیەک لە جەنگاوەرانی کورد شەهید بوون، لەوانە (شێخ عەلی قەڵبەزە). لەم شەڕە یەکلا کەرەوەیەدا فڕۆکەکانی شانشینی بریتانی ڕۆڵی گەورەیان بینی لە گۆڕینی ئاراستەی شەڕەکە بەلای هێزە ئێراقییەکان و هۆکاری تر هەبوو کە تەرازووی شەڕی ئاوباریک بەلای هێزە ئێراقییەکاندا بێ، لەوانە لە ڕووی چەک و تەقەمەنی و ژمارەی جەنگاوەران لە نێوان هێزە ئێراقییەکان و شۆڕشگێڕانی کورددا جیاوازییەکی زۆر هەبوو.


**سەرچاوەکان:**

**١- شێخ سەردار جەباری، کەرکووک بۆ مێژوو دەدوێت، چاپی یەکەم، مەکتەبی بیر و هۆشیاری، (ی.ن.ک)، سلێمانی، ٢٠٠٤.**

**٢- سمکۆ بەهرۆز محەمەد (ئەژی)، مێژووی ئەو کۆمەڵەو ڕێکخراو و حزبانەی لەناوچەی کەرکووک سەریان هەڵداوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی بینایی، کەرکووک، ٢٠٠٦.**

**٣- مێژووی سەردەمە کارگێڕی و بەڕێوەبەرایەتییەکانی پارێزگای کەرکووک، چاپی یەکەم، کەرکووک، ٢٠٠٥.**

**٤- سمکۆ جەباری، سەرجەمی بەرهەمە کوردەکانی نووسەری شەهید (جەبار جەباری)، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠٠٤.**

**٥- سیسیل ئەدمۆنز، کورد و تورک و عەرەب، وەرگێڕانی حامیدی گەوهەری، چاپخانەی ئاراس، چاپی دووەم، هەولێر، ٢٠٠٤.**

**٦- عبدالستار جەباری، کەسایەتی نیشتمان پەروەر و ناوداری گەرمیان، (کەرکووک، گۆڤار) ژ(١)، هەولێر، ٢٠٠٥.**

**٧- عبدالجبار محەمەد جەباری، دیوانی مەلای جەباری، چاپخانەی شیمال، کەرکووک، ١٩٦٨.**

**٨- کەمال مەزهەر ئەحمەد، مێژووی کورتەباسێکی زانستی مێژووی کورد و مێژوو، چاپی دووەم، چاپخانەی دۆست، هەولێر، ٢٠٠٧.**

**٩- لەتیف فاتح فەرەج، کورد و کەرکووک، بەرگی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٢.**

**١٠- مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی، کەرکووک (ناوی، مێژووی، دانیشتوانی، دەسەڵاتەکانی)، ئامادەکردنی: شێرزاد محەمەد ئەمین، چاپخانەی ئارابخا، کەرکووک، ٢٠٠٦.**

**١١- محەمەد ئەحمەد سەعید (کەساس جەباری)، مەلای جەباری، (کەرکووک، گۆڤار)، ژ (٢) ـ کەرکووک، ٢٠٠٣.**

**١٢- میجەر ئی - ب - سۆن، هۆزەکانی کوردستانی خواروو، وەرگێڕانی: نەجاتی عەبدوڵلا، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠٠٧.**

**١٣- وەدیع جوەیدە، شێخ مەحموود: سەرهەڵدان و شکستی سەربەخۆیی باشووری کوردستان پاش جەنگی یەکەمی جیهانی، و: حەمە سالح تۆفیق، لە (یادنامەی شێخ مەحموود) وەرگیراوە، نووسینی: ناسر حەفید و ئەوانی تر، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠٠٦.**

**١٤- فؤاد حمه خورشید، العشائر الكردية، مطبعة الحوادث، بغداد، ١٩٧٩.**

**١٥- زاهیر ڕۆژبەیانی، مێژووی عەشیرەتی جەباری، (هاواری کەرکووک، گۆڤار)، ژ(٣) هەولێر، ٢٠٠٣.**

**١٦- شۆڕش سابیر سەید موحەمەدی جەباری، لەپیاوە ناودارەکانی هۆزی جەباری، (هاواری کەرکووک، گۆڤار) ژ(٧) سلێمانی، حوزەیرانی ١٩٩٨.**

**١٧- پشکۆ حمە تاهیر ئاغجەلەری، شاری کەرکووک لەنێوان ساڵانی (١٩١٧ - ١٩٢٦) ز، بلاوکراوەی مەکتەبی بیر و هۆشیاری (ی.ن.ک)، سلێمانی، ٢٠٠٧.**

**١٨- سەروەر ئەحمەد کەریم بەگ، چەند چالاکییەکی شاراوە لە مێژووی کەریم بەگی فەتاح بەگی هەمەوەند، چاپی یەکەم، چاپخانەی تیشک، سلێمانی، ١٩٩٨.**